سارا ئارام:

# بە شانازییەوە لە نێو چەندین مۆدێلدا بە جلوبەرگی پێشمەرگەوە دەرکەوتم

کچێکی باڵابەرزی کەرکووکی دەیەوێت لە ڕێگەی جلوبەرگ و کولتووری کوردییەوە فەرهەنگی نەتەوەیەك نیشانی جیهان بدات، سارا ئارام خەڵکی کەرکووکە، لە ۱۹۹۱ کوردستانی باشووری جێهێشتووە، بەناچاری لە ساڵی ۱۹۹۵ لەگەڵ خێزانەکەی کۆچیان کردووە بۆ وڵاتی نیوزیلەند، ئێستاش هەر لەو وڵاتەنیشتەجێیە، بەڵام نایەوێت کولتوور و فەرهەنگی باپیرانی لەبیر بکات و لەسەر ڕێچکەی ئەوان بەردەوام دەبێت، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا، بەجلوبەرگی کوردی و پێشمەرگایەتییەوە چەندین کاری نمایشی کردووە، لەم هەڤەیڤینە باس لە دواین چالاکییەکانی خۆی دەکات.



جگە لە کاری دیزاین سارا لە زۆر بواری دیکەشدا کاری کردووە و دەڵێت: «بە شانازییەوە دەتوانم بڵێم یەکەم کچی کورد بووم، کە وەکو ئەکتەرێك لە کلیپێکی هیندیدا ڕۆڵی سەرەکی بینیوە و بەشداریم تێیدا کردووە، کە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووە، گۆرانیبێژەکە ناوی «garry bhullar» بوو، کە ئێستاش بەردەوام لە کەناڵە هیندییەکان پەخش دەکرێت، لەبەر ئەوەی توانای نواندیشم هەیە، لە ئێستادا ئامادەکاری دەکەین بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێك لە نیوزلەندا، لە کاتی خۆیدا گشت زانیارییەکان دەبارەی ناوەڕۆکی فیلمەکە بۆ جەماوەر باس دەکەم» وەك دەگوترێت زۆربەی خانمە ئەکتەرەکان لە ڕێگای کلیپی هونەرمەندان ناوبانگ دەردەکەن، لەو بارەوە دەڵێ: «زۆر حەز دەکەم لە نێو کلیپەکانی هونەرمەندان (میران عەلی و هەڵۆیست) وەکو ئەکتەرێك ڕۆڵ ببینم، هەرچەند چاوەڕێی ئەوەم داوام لێ بکرێت تا بەشدارییان لەگەڵ بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا حەز دەکەم بەشداریی لە فیلمی کوردیدا بکەم، چونکە دەمەوێت خزمەتی هونەر و سینەمای کوردی بکەم و بتوانم شان بەشانی هونەرمەندانی کوردستان کارێکی جوان و شایستە بۆ نەتەوەی کورد بکەم». سارا ئارام لە نمایشێکدا بە مەرجی پۆشینی جلوبەرگی پێشمەرگە دەرکەوت سەبارەت بەم بابەتە دەڵێ :«لە ساڵی ٢٠١١ یەکەمجار کە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵی دەستم بەکاری مۆدێل و نمایشی جلوبەرگ کرد، دواتر چەند کۆمپانیەکی جیهانییش داوایان لێکردم وەکو مۆدێل لەگەڵیان کار بکەم، یەکێك لەو کۆمپانیایانە کۆمپانیایەکی چینی بوو، کە ئۆتۆمبێلی گرانبەهای نمایش دەکرد، بۆیە داوای لە من کرد کە ببمە مۆدێل و لەگەڵ یەکێك لە ئۆتۆمبێلەکان وێنە بگرم، منیش بەو مەرجە ڕازی بووم کە جلی پێشمەرگە لەبەر بکەم، ئەوانیش بەم مەرجە ڕازی بوون، بۆیە من بە تەنیا لە نێوان دەیان مۆدێلدا جلی تایبەت و جیاوازم پۆشی بوو، کە ئەویش جلوبەرگی پێشمەرگەبوو، ئەم جلانەی من بووە جێگای سەرنجی هەموو ئامادەبووان، دەیان کەس لە بینەران لەگەڵ من و جلوبەرگی پێشمەرگە وێنەیان دەگرت و پرسیاریان دەکرد، پێشمەرگە و کورد چییە؟ منیش بۆم ڕوون دەکردنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاڵای کوردستانم بەرز کردبوویەوە، ئەمە خۆشترین ڕۆژی من بوو و زۆر شانازم بە کوردبوونی خۆمەوە دەکرد». سارا تیشك دەخاتە سەر ئەو دەزگا تایبەتانەی نمایشی جلوبەرگ کە کاری تێدا کردوون و دەڵێ: «لەگەڵ گەلێك لە ئاژانسەکان کارم کردووە، یەکێك لەوانە ئاژانسێکی ناوداری وڵاتی پاکستان بوو، من یەکەم کچی کورد بووم کە توانیوم بە جلی کوردییەوە لە یەکێك لە گۆڤارەکانی بواری جلوبەرگی وڵاتی پاکستان بەناوی «Moda Dynastie» دەرکەوتم، کە دیزاینەرە پاکستانییەکان زۆر جلوبەرگی کوردییان لاجوان و قەشەنگ بوو، بەشێکی زۆر لە جلوبەرگەکانم لەلایەن باوکم کاری دیزاینی بۆ کرابوو، هەروەها لەلایەن باوکیشمەوە کاری دوورینی بۆ کرابوو، چونکە باوکم بەرگدوورێکی زۆر لێهاتوو و دەسترەنگینە».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا هونەرمەند و نمایشکاران لەرێگەی کارەکانیانەوە بژێوی ژیانیان پەیدا دەکەن؟ سارا گوتی: «لە ئەورووپا نمایشکار هەیە داهاتێکی زۆر لە ڕێگەی کارەکەی کۆ دەکاتەوە، بەڵام هەندێ نمایشکاریش هەیە، کە سەرەتای کارەکانیانە بە خۆبەخش کار دەکەن تاوەکو ناودار دەبن، بەڵام من هیچ کات بە خۆڕایی کاری نمایشکاریم نەکردووە، دەمەوێت لە ڕێگەی کارەکەی خۆمەوە داهاتێکم دەست بکەوێت بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بەکارەکەم بدەم، ئەمەش لەسەر کەسایەتی و لەش و لار و زیرەکی نمایشکارەکە دەوەستێت». سارا یەکێك بووە لە بەشدار بووانی پێشبڕکێی گۆڤارێکی ئەمریکی، لەوبارەیەوە دەڵێ: «جێت سێت مەگەزین، گۆڤارێکی ئەمریکیی لایف ستایلە، ئەو ساڵانە لە سۆشیالمیدیا دەگەڕێت و چەند نمایشکارێك دەخاتە دەنگدانێکی ئۆنلاینەوە بۆ ئەوەی ببێتە بەرگی گۆڤارەکە، ئەم گۆڤارە لە نێو فرۆکە و یەخت و یەختە تایبەتەکان دادەنرێت، لە هەموو دونیا چەند نمایشکارێکیان هەڵدەبژێرن و خەڵکی لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە دەموچاوی کەسی سەر بەرگی مەگەزینەکە هەڵدەبژێرن، بە خۆشحاڵییەوە من لە تۆپ پێنجدا بووم». سەبارەت بە کچ و کوڕی مۆدێلەکانی کوردستانیش وتی: «کاری بەشێك لە نمایشکارە کوڕ و کچەکانی کوردم لە باشووری کوردستان بینیوە، دەستخۆشییان لێ دەکەم، بەلای منەوە ئیش وکارەکانیان جوان و ڕێکوپێکە، هەرچەندە من زۆر ئاگادار نیم و زۆر کەسیش ناناسم لەو بوارە، بەڵام زۆر جار لە پەیجەکان ئیشە کانیان دەبینم خراپ نییەو هیوای بەردەوامیان بۆ دەخوازم.»لە کۆتاییدا سەبارەت بەم سەردانەی بۆ باشووری کوردستان دەڵێ: «من دەمێکە بەنیازبووم سەردانی کوردستان بکەمەوە، بەڵام بۆم ڕێك نەکەوتبوو، ئێستا بۆ مەبەستی چەند چالاکییەکی تایبەت گەڕامەتەوە کوردستان، من ئاڵای کوردستانم لە زیاتر لە بیست وڵات بەرز کردووتەوە و باسم لە مەینەتییەکانی گەلی کورد کردووە، دوایین سەردانیشم بۆ تورکیا بوو، لەوێ ئاڵای کوردستانم بەرز کردووەتەوە، بەنیازیشم لەسەر دێرینترین شوێنی جیهان کە قەڵای هەولێرە چالاکییەك ئەنجام بدەم و ئاڵای کوردستان بەرز بکەمەوەو چەند نمایشێکی تایبەت پێشکەش بکەم.»



# کاسرین حەز لە ژیانی سادە دەکات



دوای ئـەوەی لـۆس ئەنجلۆسـی جیهێشـت و رووی لـە ویلایەتی یۆتـا کـرد، کاسرین هیگلی ئەسـتێرەی سینەمای ئەمریکی رایگەیانـد کـە ژیانـی گونـدی زۆر لـە ژیانـی شـار لـە لا خۆشـتر و پەسـەندترە.

کاسـرین کـە لەگـەڵ جـۆش کیلـی هاوسـەری و دوو منداڵەکـەی روویـان لـە گوندێکی ویلایەتـی یۆتا کـردووە، لەوبارەیـەوە رایگەیانـد: ژیانـی گونـد تـام و چێژێکـی تایبەتـی هەیـە، بەتایبەتـی بـۆ هونەرمەنـدان کـە دوورن لـە راگەیانـدن و کامێـرا و وێنەگـرەکان و ئازادیشـە لـەوەی چـی دەکات و چـۆن رەفتـار و هەڵسـوکەوت دەکات، بـێ ئـەوەی ترسـی لـە ئابروبـردن، یـان گرتـەی ڤیدیـۆی و فۆتـۆی وێنەگـران هەبێـت.

هیـگل بـە گۆڤـاری (LOOK) ی راگەیانـد کـە ماڵەکەی دەکەوێتە نێو چەند چیایەکـی بـەرزی جـوان و سـەرنجراکێش و زۆریـش خۆشـحاڵە بـەو ژیانـەی ئێستای و پەیوەندییەکی زۆر بەتینی لەگەڵ دراوسێکانیدا هەیـە و بەردەوام لە گەشـتدان و کاتێکـی رۆمانسـی بەسـەر دەبـەن، لە هەمووشـی گرنگتر ئـەو شـێوازە نوێیـەی ژیانـە کـە بەشـێکە لـەو بەرنامەیـەی بـۆ منداڵەکانـی دایناوە، بـۆ ئـەوەی بـە باشترین شێوە پێ بگەن.



# مادۆنا لە کاری خێرخوازی بەردەوامە

لە درێژەی هەڵمەتێکی خێرخوازیدا بۆ کۆمەککردنی پرۆژەکانی خوێندنی کچان لە ئەفغانستان و پاکستان و چەند وڵاتێکی دیکە، ئەستێرەی پۆپی ئەمریکی (مادۆنا) تابلۆیەیکی نیگارکێشی فەرەنسی (فرناند لیجیە)ی بە بڕی زیاتر لە ٧ ملیۆن دۆلار فرۆشت.

لەم بارەیەوە خانەی (سۆسپی) بۆ مەزادی ئاشکرا لە ویب سایتی تایبەتی خۆی رایگەیاند کە تابلۆکە بە ناوی (سێ ئافرەت لەسەر مێزێکی سور)ـە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢١، کەسێکی نادیار کڕیویەتی و بەر لە مەزاد کردنی نرخی گەیشتبووە ٧ ملیۆن دۆلار.

لەلایەن خۆیەوە مادۆنا رایگەیاند: «ساڵی ١٩٩٠ ئەم تابلۆیەم کڕیوە و مەبەستی فرۆشتنیشی تەنیا بۆ ئەوەیە کە کۆمەکی تەواو کۆ بکەمەوە بۆ دەزگای (رای ئۆف لایت) کە رێکخراوێکی خێرخوازییە و بەشێوەیەکی خۆبەخش بۆ مەشق پێکردنی پیشەیی مندالانی سەر شەقام و جوتیار و هەژاران کار دەکات»، مادۆنا زیاتر گوتی: «من ناتوانم بەرگەی ئەوە بگرم کە ببینم لە جیهاندا ئافرەتان بریندار دەکرێن، یان تەقەیان لێ دەکرێت و دەکوژرێن، تەنیا لەبەر ئەوەی دەچنە قوتابخانە، بۆیە پێموایە وا باشە شتکێ گرانبەها کە ئەو تابلۆیەیە بیگۆڕمەوە بە شتێکی دیکەی پڕ بەها کە ئەویش خوێندنی کچانە، ئامادەشم هەموو تواناکانی خۆم لەو بوارەدا بخەمە گەڕ.



# نیللی: پیاو بۆ من واتە نیوەی دووەم

گۆرانیبیێژی لوبنانی نیللی مەقدەسی رایگەیاند کە ئێستا زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتە هونەرمەندەکان ئەو جلوبەرگانە دەپۆشن، کە خەڵك پێیانوایە سەرنجڕاکێش و رووتە، بەڵام تەنیا باس لە هەندێکیان دەکەن کە من یەکێکم لەوانەی باس دەکرێن.

نیللی راشیگەیاند کە هەر لە سەرەتاوە حەزی لە جوانی و جلوبەرگ کردووە، ئەگەر هونەرمەندێکی دیکەی هاوشێوەی هەبووبێت ئەوا ئەو وازی دەهێنا، چونکە وەك خۆی دەڵێت، پێی وایە تەنیا ئەو وەکو خیەتی و کەسی دیکە نییە بتوانێت وەك ئەو بێت، ئەمەشی بە بڕوا بوون بەخۆی وەسف کردووە نەك لەخۆبایی بوون، چونکە پێی وایە ئافرەت بەر لە هەر شتێك پێویستە بڕوای بەخۆی هەبێت، دەربارەی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ هونەرمەندانی دیکە، نیللی دەڵێ: «ناسی عەجرەمم زۆر خۆشدەوێ، چونکە کەسێکی زۆر باشە، کارۆل سەماحە خاوەن بەهرەیەکی هونەریی زۆرە و لە پێناو هونەرەکەیدا زۆر خۆی ماندوو دەکا، تەنیا دوو جار ئەلیسام بینیوە، بەڵام کاردانەوەی ئەلیسا وەکو پێویست نەبوو بەرامبەرم».

سەبارەت بە پیاویش نیللی دەڵێ: پیاو بۆ من واتە نیوەی دووەم و هیچ ئافرەتێك ناتوانێت بەبێ پیاو بژی، منیش بەشێوەیەکی تایبەت بڕوا ناکەم بتوانم بێ پیاو لە ژیان بەردەوام بم.



### خانمە شێوەکاری رووسی ماریا بکلیمشیفا:

# لەگەڵ ئەوەم کە هەرکەسێک رێچکەی خۆی هەبێت

**کچێکی خاوەن بەهرە و توانایەکی زۆرە لە بواری شێوەکاریدا، بەشی زۆری کارەکانی گوزارشتن لە سروشت، بۆیە گوڵ و گیاندار و دیمەنی گوندەکان زیاتر لە تابلۆکانیدا رەنگی داوەتەوە، لە پاڵ سروشتدا، خۆشەویستییش بەشێکی زۆری تابلۆ و کارەکانی پێك دەهێنێت.**
**لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

*** حەز دەکەین باشتر بتناسین؟**

- ناوم ماریا بکلیمشیفایە، لە بنەماڵەیەکی هونەرپەروەر لە دایکبووم، واتە هاتنە نێو کایەی هونەری پەیوەندیی بەوە هەبووە کە هەمیشە بنەماڵەکەمان عەشق و خۆشەویستییان بۆ هونەر هەبووەو هونەر بە هەموو جۆرەکانییەوە لە ماڵەکەی ئێمە وجودی هەبووە، ئەمەش پاڵنەرێکی زۆر بەهێزە بووە، بۆ ئەوەی من لەسەر ئەم رێچکەیە بەردەوام بم، لەبەر ئەو عەشقە لەگەڵ من گەورە بوو، تاوەکو گەیشتمە کۆلیژی هونەری دیزاین و هونەری شێوەکاری، کە لە زانکۆی سترۆگانۆڤ،ئیدی بەشێوەیەکی ئەکادیمی دەستم بە خوێندنی هونەر کرد، دوای دەرچوونیشم لە زانکۆ هەر لە بواری شێوەکاری کاردەکەم.

*** کە لە بنەماڵەیەکی هونەردۆست لە دایکبوونی، لەو بنەماڵەیە کێ هاندەرت بوو؟**

- لەو کاتەی من چاوم بە دنیا هەڵێناوە سەروکارم لەگەڵ کاری شێوەکاری هەبووەو بەردەوام لە نێو کەشێکی هونەری ژیانم بەسەر بردووە، لەگەڵ ئەوەشدا بنەماڵەکەم فێریان کردم، کە چۆن کارەکەم







و پیشەکەم خۆش بوویت و بەردەوام کاری داهێنەرانەی بۆ بکەم و بەشێوەیەکی جیاوازتر لە دەوروبەری خۆم بڕوانم، لەگەڵ ئەوەشدا هانیانداوم کاری شێوەکاری لە پێناو خۆشەویستی بەکاربهێنم.

*** هەست دەکەین پیشانگات کەمە هۆکاری ئەمە چییە؟**

- زۆر دەرنگ دەستم بە نمایشکردنی تابلۆکانم کردووە، بەڵام دوای ئەوەی لە زانکۆ دەرچووم ئینجا بیرم لەوە کردەوە چەند پێشانگایەکی شێوەکاری بکەمەوە، بۆیە لە ماوەی تەنیا دوو ساڵدا (١٥) پێشانگای تایبەت و هاوبەشم کردووەتەوەو تابلۆییەکانم نمایشکردوون.

*** حەز دەکەی لە بواری شێوەکاریدا رکابەریی کەس بکەی یان بگەی بە ئاستی کەسێکی دیاریکراو؟**

-من هەمیشە لەگەڵ ئەوەم کە هەرکەسێك رێساو رێچکەی تایبەت بەخۆی هەبێت کۆپی کەس نەبیت،بەڵام دەکرێت زۆر شەیداو هۆگری هونەرمەندێکی هاوچەرخ بیت، لە هەموو شێوەکارەکان و هونەرمەندەکان سوود وەربگریت، بەڵام هەرگیز خۆت بە هیچ کەسێکی دیکە بەراورد نەکەی، هەمیشە لەو باوەڕەدا بە کە تۆ باشترینی، بۆیە قەت ناخوازم بگەمە ئاستی هیچ هونەرمەندێکی دیکە، بەڵکو دەمەوێت ئاستی خۆم نیشانی هەموو خەڵك بدەم.

*** هۆکاری ئەوە چییە کە سروشت بەشێکی زۆری کارەکانی داگیر کردووی؟**

بەشێکی زۆری تەمەنم لە گوندەکان لەگەڵ داپیرم و باپیرم بەسەر بردووە، هەمیشە دیمەنی شارە بچووك و گوندەکان بە سرووشت رازوەتەوە، ئێستاش جار جار دەگەڕێمەوە ئەو شوێنەی منداڵییەتیم تێدا بەسەر بردووە، بۆیە رەنگدانەوەی سروشت و گوڵ وگوڵزار لە تابلۆییەکانمدا هەیە، ئێستاش زۆر شادومان و کەیف خۆش دەبم، کاتێك لە نێو یەکێك لە باخەکان لە کاتی خۆرئاوابوون دەوستم،چەندە ئەم دیمانە سەرنجە راکێشن، لەگەڵ ئەوەشدا ئیلهامن بۆ دەیان کاری جوانی شێوەکاری.

*** وەك ئافرەتێك لە رێگای کارەکانتەوە چ پەیامێکت بۆ ئافرەتان هەیە و چۆن هەوڵتداوە بەرگری لە مافەکانیان بکەی؟**

بەشی زۆر لە تابلۆییەکانم و کاری شێوەکاری بەشێوەیەکی گشتی باس لە خۆشەویستی دەکات، ئینجا ژنێك بەشێکی دانەبڕاوە لە خۆشەویستی، هەرچەندە بەشێوەیەکی راستەوخۆ باسم لە مافی ئافرەتان نەکردووە، بەڵام بەردەوام ئافرەت وجودی لە نێو تابلۆییەکانمدا هەبووە، لەم ماوەیە سەرقاڵی پرۆژەیەکم لەسەر ئافرەتی هاوچەرخی چەند وڵاتێکی جۆراوجۆر هەیە، بۆیە ئێستا هەموو هزرو بیری خۆم کۆ کردووەتەوە بۆ ئەم پڕۆژەیە، هیوادارم پڕۆژەکەم رووناکی بەخۆیەوە ببینێت.

*** لە تابلۆکانتدا زیاتر پشت بە چ جۆرە رەنگێك دەبەستی؟**

- من کارم لە هەردوو شێوازەکە کردووە واتە رەنگی ئاوی یان زەیتی، بەشێوەیەکی ئەکادیمیش لە زانکۆ خوێندوومە، بەڵام هەمیشە گوتوومە، رەنگی ئاوی باشترین و ئاسانترین زمانە بۆ گوزارشتکردن لە هزرو بیرو کارەکانم، بۆیە کارەکانم بەشێکی زۆر بە رەنگی ئاویی کردووەو پێشکەشم کردووە، هەرچەندە هەندێ کاری زیتیشم هەیە.

*** هەر تابلۆیەك مانا و رەهەندی جیاوازی لە نێوان بینەران لێ دەکەوێتەوەو هونەرمەندە شێوەکارەکەش بە روونی باس لە گوزارشتی نێو تابلۆییەکانی ناکات، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

-رەنگە شیکردنەوەو باس کردن لە تابلۆیەکی شێوەکاری ئاستەم بێت، لەگەڵ ئەوەشدا تەعبیری جیاواز لە خۆیدا هەڵدەگرێت، بەڵام بەڕای من ئەوەی لە هەموو گرنگترە هەستکردنە بەو تابلۆیەو چیرۆکەکانی نێو تابلۆیەکەیە، ئێوە لە چ گۆشەیەکەوە لەم تابلۆە دەڕوانیت ئەوە گرنگە، چۆن بیر لە ئایدییەکانی ئەم شێوەکارە دەکەیتەوە ئەمە کرۆکی بابەتەکەیە، هەر ئەمەش زیرەکی و لێهاتوویی شێوەکارەکە دیاری دەکات.

*** ئێستا زیاتر بە چییەوە سەرقاڵی؟**

جگە لە کاری مامۆستای هونەر و وانە وتنەوە ئێستا وەرشەیەکی باشی کارکردنم هەیەو لەم وەرشەیەدا بەشێوەیەکی ئەکادیمی وانەی شێوەکاری بە تیۆری و پراکتیکی دەڵێمەوە، هیوادارم بتوانم لەم بوارەدا خزمەتێك بە هونەری مەزنی شێوەکاری بکەم، بۆ ئەوەی بتوانین نەوەیەکی هۆشیارو لێهاتوو لە بواری هونەری دروست بکەین.

*** هیچ زانیاریت دەربارەی کورد هەیە؟**

-بێگومان زانیاریم دەربارەی کورد هەیە، دوای ئەوەی لە هەواڵەکان هەندێك زانیاریم بیست دەبارەی کورد، بە دوای زانیاریدا گەڕام و زانیاریی زۆرم کۆکردەوە دەربارەی مێژوو و کەلتووری کورد و جوگرافیای کوردستان و ئەو رووداوانەی لە کوردستان روویان داوە، هیوای سەرکەوتن بۆ گەلی کورد دەخوازم.